www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 4-7-2006 10:32

# شێرزاد عەبدول رەحمانی بەعسی چۆن وەسفی سەدام حسێنی دیکتاتۆردەکات .. ئەردەڵان عەبدوڵلا

پارتی لەپاش ڕاپەڕینەوە بۆتە لانكەیەكی باش بۆ كۆمەڵێك بەعسی و جاش و نۆكەر. وای لێهاتووە، بۆئەوەی لەناو پارتی دا مەسئوولیەتێکت دەستبكەوێت، دەبێت پێشتر بەعسی یان جاش ونۆكەری بەعس بووبیت. ئەوەی كەمەلەفیشی نەبووە، ناچاركراوە بچێت مەلەفێكی ساختە بۆخۆی پەیدابكات، بۆئەوەی كارێك یان لەتە نانێكی لای پارتی دەستبكەوێت.
شێرزاد عەبدول رەحمان یەكێكە لەو هەزاران بەعسیەی، كە لە دیوەخانەكانی پارتی دا دەلەوەڕێن. ئەم پیاوە بەعسیە، كە چەندین ووتاری پڕ شەرمەزاری بۆ بەعس و سەركردە خوێناویەكەی سەدام حسێن نووسیوە. لەکاتێکدا ئەم ووتارانەی نووسیوە، كە هەزاران كەس لەچیاكانی كوردستان خەباتیان لەدژی بەعسیە دڕندەكان كردووە. لەو كاتەی كە بەعسیە خوێنمژەكان، دەست بەقۆناغی یەكەمی ئەنفال دەكەن، زیاتر لە 8 هەزار كەسی سیڤیلی كورد لەناودەبەن، ئەم نۆكەرە قەڵەم پیسە، وەسفی سەركردەی بەعسیەكان دەكات. ئالەو كاتەی كەهەموو كورد، لەو پەڕی توورەیی و پەرێشانیدان، كەچی ئەم بەعسیە خوێریە وەسفی سەدام حسێن دەكات. كاتێک كە خەڵكی هەژارو زەحمەتكێشی كورد ڕاپەڕین كرد، هەموو بەتەمای سزادانی بەعسیەكان بووین. لێ مەخابن لەجیاتی سزادان، پارتی خەڵاتی كۆنە جاش و بەعسیەكان دەكات. زۆر سووپاسی رۆژنامەی هەوڵ و برای بەرێز كاك سەمەد ئەحمەد دەكەم، كە دەقی ووتارەكەی ئەم بەعسیەیان بڵاوكردەوە، كەوەسفی سەركردەی مەزنی عێراق دەكات. سەیر لەوەدایە، هەر پاش بڵاوبوونەوەی ئەم ووتارە، پارتی ئەم بەعسیە دەكاتە دەمڕاستی حكومەتەكەی. هەرچەندە ئەم بەعسیە پێشتر بەرپرسی نووسین بووە لەگۆڤاری (گوڵان) ، ئێستاش كراوەتە سەرنووسەری رۆژنامەی هەرێم. گەر بەپرسی دەزگای راگەیاندنی پارتی (سەرۆقادری كۆنە شیۆعی بێت، كەلەحەفتاكاندا لەگەڵ بەعسیەكان دژی كورد شەڕیان دەكرد) ، ئیتر زۆرئاساییە كەئەم بەعسیە ببێتە دەمڕاستی حكومەت.
پێویستە لەئاست ئەم كارەی پارتی بێدەنگ نەبین، ئاخر نابێت ئەوانەی كە پێشتر بەعسی و نۆكەری بەعس بوون، ئەمڕۆش هەرئەوان ببنە دەمڕاستی حكومەتی كوردستان. پێویستە پارتی ئەو بەعسیە خوێریە دەربكات، نابێت جارێكی تریش خەڵكی بەعسی لەهیچ شوێنێكی حكومی كاریان بدرێتێ.
ئەمەش دەقی ووتارەكەی شێرزاد عەبدول رەحمانە، كە لەرۆژنامەی هەواڵ بڵاوكراوەتەوە.

